
# دەرگای چاوە چڵێسەکانی ئەو سەدەیە



خەدیجە جاوید

خاتوونەکەم!
لە کام هۆزەوە جێ ماوی کە هیچ دەرگایەك
قەپ بەلاجانگتدا ناکا؟
بەتەوێڵی کام شەوەوە هەڵواسراوی؟
لە گەردنی چ بووکێکی رەشپۆشەوە
رژاوی؟
لرگەی مرواری کە ئەوەندە بێتاقەتی بینینەوەی دەنکە ونبووەکانتی،
لێگەرێ.
کێ ناڵێ هەر دانەیەك لە ولاتێکی
غەریب
لە ژێر باڵی قەلەرەشەیەکی بزۆز
سترانی نائومێدی ناهۆنێتەوە.
هەستەکانت بە بستو قولانجی کامە دەستە پێواوە
کە قەت بالای بەرزیان
ناچەمێتەوەو لە باوەشی هیچ خەستەخانەیەك
جەستەی لەرزۆکی تاسەکانت
وڕێنە ناکات.
خاتوون!
ئەزانی ئەو شەوە، لە قورگی ئادەمەوە
چەند ماری رەش بەرهەلێبێنی خاتونیتیان دزی
دایان بەسەر شانی کێدا؟!
ئەوانەی هێشتاش لە رارەوەکانی زەمەن،
خۆیان حەشاردراوەو
هەر یەکەیەك هەودا، هەودا، دەزوولە،
پەراسووە چەپەکانیان

رادەکێشن
خاتوونەکەم،
بەسە ئیتر لەباوەشی جەغەزەی تاسە وەرە دەرێ،
ئەم قەڵای رازە، زۆر لەوە کۆنترە،
شاژنێکی وەك تۆی تیا ماندوو نەبێ.
داوێنت کۆکەرەوە، خاتوونم
با چیتر باویلکەی تۆقاوی زەمەنی تیا حەشار
نەدرێ..
خانمۆڵ، کۆشی ئەو جارەی بەهارت
لە سەگە هارەکانی جێ ماو
لە حەپە، حەپ کەوێ،
کە بێشکەی نەمان بۆ تۆ رائەژێنن و
دارە بەرووەکان فریو ئەدەن بۆ
تۆزقاڵێك پەرۆ،
کە لەسەر گڵکۆیەکی بێ ناونیشان
ئەتلێتەوە.

خاتوون!
بروابکە.. لێرە گورگ دەمامکی
ئاسك ئەنێنە سەر،
لێرە زستان، دەمامکی بەهار
لێرە چەقەڵ وەك گوڵ خۆئەنوێنن،
لێرە ئەستێرە، مانگ ئەخەڵەتێنێ و
شەو رۆژ.
بەسە تۆ خوا،
لەمەودوا لە شوێن
ملوانکە پچڕاوەکەی
حەواوە مەخولێوە
شاید، هێشتاش لە ژێر باڵی قەلەڕەشەیەکی زلهێز
هەودا، هەودا
پەراسووە چەپەکانی تۆمار ئەکا.
شاید،
پەرێزی لەپاولەپ لە گوڵەگەنم
رائەتلەکێنێ و
پەپوولەکانی بەهەشت،
لە جێ پێکانی ئاوی حەیا ئەخۆنەوە.
خانم!
دایکم ئەڵێ:
تۆ لەسەر بێژنگی حەوتە
حەزت لە ریشی زۆری باوکت نەئەکرد،
دەستە پیرە پەککەوتەکانی
قاندە قدیلەی چاوە تەڕو فێنکەکانتی نەئەدا.
بۆیە دەرگای شەوەیان خستە سەر پشت
بەڵام خاتوون،
ناوکی تۆ بە گوێزەبانە نەبڕابوو
تەنیا مۆمێکی ئاسایی
رووناهی نەخستبووە سەر بێژنگت و
قورئانیش لەبان سەرتەوە نەبوو.
بۆیە ئاڵ لە تاریکیدا رێ بڕ نەکردو
ریشی باوکت سپی سپی لە
وەجاغی کوێریدا پیربوو..
خاتوون!
دەرگای چاوە چڵێسەکانی
ئەم سەدەیە گوڕ گوڕ
کلیل
ئەجاوێ و لەناو لەپەی بێ ئاگای تۆدا
تۆ، تۆن پڕ دەکا
مەخابن هاوڕێ
ئەگەر
بەم بەرەژانەوە بڕۆی
بەرەی خاتوونیت
ئەڕمێ و
لە تووێ هیچ
خانمێك
بڕهەڵبێنی
خاتوونیت
نادۆزیەوەو
مارە رەشەکانی ناو قوڕگی ئادەم
بڕاو بڕ لە تۆوە
خانمی ئەقۆزنەوە..